سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (٦)

# جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان؛

## دەسوەردانەکانی تورکیا، ڕێککەوتنی ئێران-چین

سلێمانی

تەموزی ٢٠٢٠

www.centerfs.org

**- جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان؛ دەسوەردانەکانی تورکیا، ڕێککەوتنی ئێران-چین**

**- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٦)**

**- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە**

**- سلێمانی - هەرێمی کوردستان**

**- تەموزی ٢٠٢٠**

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئایندەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.

٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.

٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.

٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.

٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.

٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.

٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیان.

٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.

١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.

٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.

٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.

٤. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.

٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.

٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.

٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق**
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# جێکەوتەی جەمسەربەندییە هەرێمییەکان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان؛

## دەسوەردانەکانی تورکیا، ڕێککەوتنی ئێران–چین

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: هەرێمی کوردستان و
شەڕی تورکیا و پەکەکە ٣

وەری دووەم: عێراق و هەرێمی کوردستان
لە ڕەشنووسی ڕێککەوتنی ٢٥ ساڵی چین و ئێراندا ٨

# سەرەتا

هەرێمی کوردستان و عێراق سەرباری دەرگیربوونیان لەگەڵ زۆرێک لە قەیران و کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هەر لە قەیرانی ئابووریی و داراییەوە و تا بڵاوبونەوەی زیاتری پەتای کۆرۆنا، هاوکات وەک هەمیشە جێکەوتەی یەکەمی زۆرێک لە ململانێ و وەرچەرخانە هەرێمییەکانیش بوون، بەتایبەت هاوکێشەکانی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی هەژموون کە هەردوو جەمسەری (تورکیا - ئێران) لە ناوچەکەدا ئاراستەیان دەکەن، لە ئەگەری بەرجەستەبوونی ئامانجە ئاشکرا و شاراوەکانی سیاسەتە زبر و نەرمەکانی هەر یەک لەم دوو هێزە هەرێمییە، ئەوا جێکەوتە و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕستەوخۆشی لە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان و دۆخی عێراقیش دەبێت، بەشێوەیەک لەسەر کۆی ئاستەکانی سیاسیی و سەربازی و ئەمنی و ئابووریی ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

ڕانانی ژمارە شەش، ئەم جەمسەربەندییە هەرێمییە نوێیانەی خستووەتە بەرباس، کە لەلایەک لەسەر ئاستی جەمسەری تورکیا شیکردنەوە بۆ شەڕی ئەم وڵاتە لەگەڵ پەکەکە دەکات، لەلایەکیتر لەسەر ئاستی جەمسەری ئێران شرۆڤە بۆ ڕێکەوتنی ٢٥ ساڵەی ئەم وڵاتە لەگەڵ چین دەکات. لەگەڵ بایەخدان بە خستنەڕووی جێکەوتەکانی هەرددو ئاستەکە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان.

## تەوەری یەکەم: هەرێمی کوردستان و شەڕی تورکیا و پەکەکە

هێرشی هێزە ئاسمانی و یەکە تایبەتەکانی ئەمجارەی تورکیا لە مانگی شەشی ئەمساڵ (٢٠٢٠) بە قۆناخێکی نوێ و جیاوازی شەڕی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان دەژمێردرێت کە مێژوەکەی بۆ زیاتر لە ٣٨ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کاتێك ئەم پارتە بڕیاری دا هەرێمی کوردستان بکاتە پێگەیەك لەشەڕی دژ بە تورکیا.

هەرچەندە لەڕووکەشدا ئەم هێرشانەدا وەك شەڕێکی دوو لایەنەی (تورکی) سەیر دەکرێت، بەڵام کردنی هەرێمی کوردستان بە مەیدانی سەرەکی شەڕەکە و فراوانی هێرشەکە و بوونی ململانێیەکی ئیقلیمی و جیهانی بەهێز لە ناوچەکە هەرەشەی تێکچونی دۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستانی دروستکروە کە لە مێژە وەك ناوچەیەکی ئارامی عێراق و ناوچەکە سەیر دەکرێت.

**- هەرێم ومێژوی پڕ لە ململانێی تورکیاو پەکەکە:**

پاش کودەتا سەربازییەکەی ١٩٨٠ سەرجەم پارتە سیاسی و رێکخراوە مەدەنی و مرۆییەکان قەدەغە کران، پارت و ڕێکخراوو و کەسایەتییە کوردی و مارکسسیەکان پشکی شێریان لە قەدەغە و گرتن بەرکەوت، کە بەهۆیەوە بەشێك لەو پارتانە چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەییان بردە دەرەوەی

تورکیا، لەوانەش پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

سەربارى بونی گفتوگۆی توند لەنێوان پارتە کوردی و مارکسییەکان سەبارەت ئەولەویەتی دەسپێکردنی خەبات و چالاکی سیاسی و سەربازی دژ بە دەوڵەت لە نێو تورکیا یان لە دەرەوەی تورکیا، پارتی کرێکاران لەگەڵ ئەو ڕەوتە بوو کە دروستکردنی پێگەی سیاسی و سەربازی لەدەرەوە هۆکارێکی یاریدەدەر دەبێت بۆ بەهێزکردنی خەباتی سیاسی و چەکداری لە ناوەوە. بەم ستراتیجە بەشێك لە سەرکردەکانیان بەرەو سوریا و پاشان لوبنان ڕێکەوتن.

شەڕی عێراق - ئێران (١٩٨٠) پێگەی سەربازی عێراقیان - بەتایبەت لەگەڵ تورکیا و ئێران - لە ناوچە شاخاوییە دوردەستەکانی سەرسنوور لاواز کرد. بەم هۆیەوە ئەم ناوچانە بووە مەیدانێکی بەسودی سیاسی و سەربازی بۆ پارتە سیاسییەکانی کوردانی عێراق و ئێران و پاشانیش تورکیا. بەم شێوەیە ساڵی ١٩٨٢ پارتی کرێکاران بڕیاری دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە سنوورە شاخاوییەکانی تورکیا دا و یەکەم بنکەی چەکداری خۆی لە سێکوچکەی عێراق – ئێران - تورکیا دانا. هەرچەندە پەکەکە تا دوو ساڵی پاشتر شەڕی تورکیای نەکرد بەڵام دەوڵەتی تورکیا پاش ڕێککەوتنە ئەمنییەکەی لەگەڵ عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ لە هێرشکردنە سەر پارتی کرێکاران دەسپێشخەر بوو یەکەمین هێرشی سەربازی لە ساڵی ١٩٨٤ بۆناو خاکی هەرێمی کوردستان کرد و پەکەکەی کردە ئامانج. بەمەش لەو مێژووەوە هەرێمی کوردستان بووە بە مەیدانی سەرەکی شەڕی ئەم دوو لایەنە.

بە دروستبونی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی پاش ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق بوونی گرژی و شەڕی نێوان پارتە کوردییەکانی تورکیا (پەکەکە) وئێران (کۆمەڵەو ودیموکرات) کێشەی ئەمنی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردبوو، بەتایبەت کە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی ئێران و تورکیا هەبوو و بە هۆی ئیلتزاماتی نێودەوڵەتییەوە نەیان دەتوانی وەك جاران پشتگیری و  دژ بە وڵاتانی خۆیان هاوکارییان بکەن. بەم شێوەیە داوا لەو هێزانە کرا کە لە سنووری نێودەوڵەتی دوربکەنەوە و پشتگیری یەکەمین ئەزمونی حکومەتی کوردی لە کوردستانی عێراق بکەن. لێرەدا پارتە کوردستانییەکانی ئێران ئەم پێشنیارەیان پەسەند کرد و لە سنوور دورکەوتنەوە، بەڵام لەگەڵ پەکەکە نەگەیشتنە ئامانج و سەرەنجام شەڕی هەرێم و پەکەکە لە پایزی ١٩٩٢ ڕوویدا، دەرەنجامەکەی سەرکردایەتی و هێزێکی زۆری پەکەکە لە سنووری تورکیا کشانەوەو قەندیلیان کردە بارەگای سەرەکی خۆیان، هەروەها یەکەمین وتووێژی ڕاستەقینەش لە نێوان پەکەکە و تورکیا بە هاوکاری جەلال تاڵەبانی دەستی پێکرد. بەڵام بە مردنی سەرۆك ئوزال لە بەهاری ١٩٩٣ هیچ هیوایەك بۆ ڕێککەوتن نەماو جارێکی تر کوردستانی عێراق بوو بەمەیدانێکی سەرەکی شەڕەکە.

لەگەڵ ئەوەی گرتنی ئوجەلان ساڵی ١٩٩٩ ڕاگرتنی شەڕی تورکیاو پەکەکەی بۆ زیاتر لە ١٥ ساڵ لەگەڵ خۆی هێنا، بەڵام پاش ٢٠١٥ قۆناغێکی نوێ ی ئەم شەڕە لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد کە زۆر لەهی هەشتاکان و نەوەدانی سەدەی ڕابردو جیاواز بوو.

**- ٢٠١٥~٢٠٢٠؛ قۆناخێکی نوێ لەشەڕێکی کۆن:**

ساڵی ٢٠١٥ پاش نزیکەی ١٥ ساڵ و ئاگربەست و وتووێژی ژێربەژێری نێوان تورکیا و پەکەکە، شەڕ لە نێوان هەردولا دەستی پێکردەوە. بەڵام خەسڵەتی شەڕی ئەم جارە لە هی پێش ١٥ ساڵ جیاوازتر بوو.

سەبارەت بە پەکەکە؛ بەهۆی ئاگربەستە درێژخایەنەکەوە زۆربەی هەرەزۆی هێزەکانی ناوەوی پەکەکە کشابوونە دەرەوە، هەروەها پێگە نافەرمییەکانیان لە سنووری ئێران-تورکیا و ئەرمینیا-تورکیا بە هۆکاری جیاواز لەدەست دابوو، بەشێکیش لە سەرکردەو کادرە بەتواناکانیان یان بەساڵاچوو بوون یان دورکەوتبوونەوە، کادری نوێش بەهۆی نەبوون و ڕاوەستانی شەڕەوە بێ ئەزمون بوون.

سەبارەت بە تورکیاش؛ لەماوەی ١٥ ساڵی ئاگربەستدا هێزی سەربازی تورکیا لەڕووی پڕچهککردنەوە، بە تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و لێدانی ئاسمانی گەریلاکان، گەشەسەندنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە. بەم پێیە لە پیشەسازی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان (AUV)دا، کە کاریگەری زۆری لەسەر شەڕی گەرەلایی هەیە، پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستیهێناوە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ وە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی جۆری (Bayrakter~TB2)ی بۆ یەکەم جار لەشەڕی دژ بە پەکەکە لە ناوچەی هەکاری بەکارهێنا، کە کاریگەری زۆری لەسەر توانای پەکەکە بۆ گواستنەوەی شەڕ بۆ قوڵایی خاکی تورکیا هەبوو، بەپێی سەرچاوەکان لەو کاتەوە تا ئێستا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا زیاتر لە ٤٠٠ گەریلای کوشتوە.

لەلایەکی ترەوە تورکیای سەردەمی ئەردۆگان لە عەقیدەی سەربازیدا جیاوازە لە هی پێشوتر. عەقیدەی سەربازی تورکیای پێش ئەردۆگان دەستێنەوەردانی سەربازی بوو لە دەرەوەی سنوورکان، بەڵام لە ئێستادا ناردنی هێز بۆ سوریا، سۆماڵ، هەرێمی کوردستان، لیبیا بەشێکە لە ئامرازەکانی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی ئەنقەرە، بۆیە لە هاتنەناوەوە بۆ هەرێمی کوردستان دودڵ نەبووە.

لەم ماوەیەدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی جۆری TB2 وئەنکای ڕۆڵی گەورەیان لە شەڕەکانی تورکیا لە دەرەوەی سنوور، بە تایبەت لە عەفرین وسەرێکانی وئیدلیب گێڕا، هەروەها لە هەرێمی کوردستان بۆ تیرۆرکردنی سەرکردە مەیدانییەکانی پەکەکە و بنکە سەبازییەکانیان بەکار هێنرا. لە ئێستادا چوار فڕۆکەخانە لە کوردستانی تورکیا (باتمان، شرناخ، وان، هەکاری) کە جۆرەها فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تێدایە بۆ ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکانی لەهەرێمی کوردستان تەرخان کردوە.

**- هێرشی حوزەیرانی ٢٠٢٠:**

لە حوزەیرانی ئەمساڵەوە هێرشێکی ئاسمانی چڕ و بەبەکارهێنانی هێزی پیادەی تایبەت تورکیا بە هێزێکی سەربازی زیاتر و جیاوازەوە هاتۆتەوە ناو هەرێمی کوردستان، هەرچەندە پێشتر تورکیا دەیان هێرشی تری کردوە و هەوەها بەشێوەیەکی نافەرمی چەندین بنکەی لە پارێزگای موسڵ و دهۆك هەبوە، بەڵام هێرشی ئەمجارەیان ئامانجی جیای لێ دەخوێندرێتەوە کە ڕەنگە دروستکردنی ئەو پشتێنە ئەمنییە بێت کە چەندین ساڵە ویستویەتی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دروستی بکات، وەك ئەوەی لە هەندێ ناوچەی ڕۆژئاڤای کوردستان کردویەتی. لەلایەکی ترەوە قەبارەی

هێرشەکان وقوڵایی هاتنە ناوەوەی ئەوە یەکلادەکاتەوە کە هێرشەکە بێ ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی عێراق نەدەکرا ئەنجام بدرێ، ڕەنگە خاڵی جیاوازو یەکلاکەرەوە ئەوە بێت کە تورکیا لە ڕوانگەی ستراتیژی فراوانخوازی لە ناوچەکە کە ئامانجێتی وەکو هێزێکی گەورە دەرکەوێت و، بە تایبەت دوای سەرکەوتنی پلانەکانی لە هەڵمەتەکانی لە سوریا و لیبیا.

مەیدانی سەرەکی هێرشەکە لە سێگۆشەی عێراق-سوریا-تورکیاوە دەستپێدەکات تا سێگۆشەی ئێران-تورکیا-عێراق کە زیاتر لە ٣٠٠ کیلۆمەتری شاخاوییە، لە پێشودا بە هێڵی برۆکسل ناسراو بوو. ئامانجی سەرەکی تورکیا لەم هێرشە خاپورکردنی بنکەکانی پەکەکەیە، بەڵام دوور نیە مانەوە و جێگیربوون یەکێك لە ئامانجە ڕانەگەیەنداوەکان بێت. بەلانی کەمەوە لە ئێستادا لە ئامانجە سەربازییەکەدا توانیوەتی شەڕی پەکەکە لە ناوخۆی تورکیا دوور بخاتەوە.

دەستبەسەراگرتنی ناوچەیەکی فراوان و سەخت و شاخاوی بۆ هیچ هێزێکی سەربازی ئاسان نەبووە، بەڵام گەر تورکیا بتوانێ لەم قۆناغەدا ئەم ناوچانە داگیر بکات دوور نیە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوو لە قەندیل بکات، بەمەش هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە نێو ئاگری شەڕی هەردوولا و دەیان و سەدان گوند و شارۆچکە وێران و زەرەرمەند دەبن، دوور نیە دەیان هەزاریش ئاوارەو دەربەدەر بکرێن، هەرێمی کوردستانیش وەك ناوچەیەکی ئارامی عێراق و ناوچەکە ئەم خەسڵەتە لەدەست بدات کە بێگومان کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایش و شەڕی جیهانی دژ بە تیرۆر جێدێڵێ.

**- دیدێك بۆ ئایندە:**

شەڕی تورکیا و پەکەکە بنەمایەکی سیاسی کلتوریی هەیە کە پەیوەستە بە داواکارییە دیموکراتییەکانی کورد لە تورکیا، ئەوەش بۆخۆی بەڵگەیە کاتێك کە سەرەتای دەستبەکاربوونی پارتی دادوگەشەپێدان لە دەسەڵات (٢٠٠١) بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٥ هەنگاوی گرنگ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا نرا و بووە هۆی خەفەکردنی شەڕی تورکیا و پەکەکە. لەلایەکی ترەوە مەیدانی سەرەکی ئەم شەڕە سیاسییە کوردستانی تورکیا و ناوخودی تورکیایە، پێویستە هەرێمی کوردستان و دانیشتوانەکەی نەبنە قوربانی ئەم ململانێیە.

گەر بە شێوەیەکی دیاریکراو بڕوانینە ئاسۆی شەڕی تورکیا و پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا دەکرێت بەسەر ئەم سیناریۆیانەدا دابەش بکرێن:

یەکەم: بەردەوام بوونی ئەم ململانێ بێ کۆتاییە کە تا ئێستا زیاتر لە ٤٠ هێرشی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە ویەکلانەکردنەوەی، کە بێگومان هەرێمي کوردسان تیایدا زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت. بە تایبەت توانا ناوخۆییەکانی هەرێم لەوەدا نیە ڕێگری لە تورکیا، یان پەکەکە بکات.

دوەم: سەرکەوتنی تورکیا لە داگیرکردنی ناوچەکەو دروستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایش بە قوڵایی ٢٠-٤٠ کلم، ئەم سیناریۆیە ئێستا کاری لەسەر دەکات، سەرباری سەختی مانەوە لە ناوچە شاخاوییەکاندا، بەڵام گەر ژینگەیەکی لۆکەڵی و عێراقی و ئیقلیمی هەموار هەبێت دوور نیە

ئەنجامەکەی بپێکێت. بەڵام ئەم سیناریۆیەش کێشەی ڕاستەقینەی خۆی هەیە لەوانە بەردەوامی تورکیا لەم ڕەوتە سیاسییە دەرەکییەی خۆی کە لە ئێستادا لە ناوخۆو دەرەوە توشی بەرهەڵستی بۆتەوە، دوەم بەردەوامی دان بە مانەوە لە هەرێمی کوردستان کە لە ڕووی ئابوری و لۆجستییەوە دژواری هەیەو سێیەمیش دروستنەبونی مەیدانی نوێی شەڕو ململانێی تورکیاو پەکەکە لەدەرەوەی هەرێم. ئەمە جگە لە ئاستەنگی تۆبۆگرافی ناوچەکە و هاتنی وەرزی سەرماوسۆڵە و سەختی ناوچەکە، کە ڕەنگە ئەمە دەرفەتی داگیرکردنی ناوچەکە قورس تر بکات.

سێییەم: گەڕانەوەی هەردوولا بۆ ئاگربەست و گفتوگۆ، چ ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، ئەمەش پێشتر لەسەردەمی سەرۆك ئوزال و خودی ئەردۆگان ڕوویداوە، بەڵام بەهۆی هاوپەیمانی ئەردۆگان و پارتی نەتەوە پەرست (MHP) زەحمەتە لە سایەی ئەم هاوپەیمانێتیەی ئێستا ئاشتی بەرقەرار بێت، بەڵام دوور نیە بە نەمانی هاوپەیمانێتیەکە یان هاتنە سەرکاری پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەت (CHP) هاوکێشەکە بگۆڕدرێ و مەیلی چارەسەرکردنی ئاشتییانە زاڵ ببێت.

چوارەم: دروستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایش لەسەر سنوور بە هاوکاری عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانی. بەڵام ئامانجی دروستکردن و داگیرکردنی ئەو ناوچە فراوانەی هەرێمی کوردستان بە ناوی ناوچەی ئاسایش کە ڕەنگە ئامانجە سەرەکیەکە بێت بەدی هاتووە.

بەهۆی بێتوانایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تورکیاو ڕێگەگرتن لە پەکەکە بۆ هێرش کردنە سەر تورکیا ڕەنگە یەکێك لە بژارەکان بڵاوپێکردنی هێزی عێراقی و نێودەوڵەتی بێت بۆ پاراستنی سنوورەکانی هەرێم لە شەڕی پەکەکە و تورکیا. ئەم سیناریۆیە هەرچەندە لە ڕۆژئاوای کودستان و ئیدلیب بە نیوەناچڵی وبە شەڕ جێبەجێ دەکرێت، بەڵام پێناچێت ئاشتی و ئارامی بۆ سنوورەکان گەڕاندبێتەوە.

لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کە تیایدا هەرێمی کوردستان وعێراق و هاوپەیمانان ڕۆڵی سەرەکی تێدا ببینن. بەڵام ئاڵۆزی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان و لاوازی مەیلی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و بێتوانایی لەشکری عێراق سێ ڕێگری سەرەکی بەردەم هەر پرۆژەیەکی لەم جۆرەن. سەرباری ئەمە ڕەنگە وڵاتانی دراوسێ بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی ئیقلیمی هەرێم قایل بن بەوەی ڕۆڵی زیاتر بدرێت بە لەشکری فیدراڵی عێراق لە هەر تەرتیباتێکی ئایندەیی بۆ پاراستنی سنوورە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان.

## تەوەری دووەم: عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕەشنووسی ڕێککەوتنی ٢٥ ساڵی چین و ئێراندا

وادەردەکەوێت کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری گەلیی چین، لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکاریی ڕێککەوتنێکی درێژمەودای (٢٥ساڵە)یین، کە تێیدا هاوکاری دوولایەنەی سیاسیی، سەربازی، ئابووریی، پیشەسازی، تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان و زانیاریی لە خۆ دەگرێت، لە نێویشیدا درووستکردنی شاڕێی نێوان دوو وڵات و بەستنەوەی بە وڵاتانی ناوچەکەوە دەگرێتەوە.

ئەم ڕەشنووسی ڕێککەوتنە ئەگەر ئیمزابکرێت و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە چەندین خاڵی هەستیاری ئاسایشیی، هەواڵگری، سیاسی و ئابووریی پەیوەندیداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا بە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە پەیوەستە، هەرێم و عیراق لە شاڕێی پێشنیارکراوی ناو ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەدا پێگەی تایبەتیان پێدراوە.

**- مێژوو، ناوەڕۆک و ئایندەی ڕەشنووسەکە:**

ناوی ڕێککەوتنەکە، وەک لەو ڕەشنووسە دزەپێکراوەدا هاتووە، "بەرنامەی هاوکاریی گشتگیری ٢٥ساڵەی ئێران و چین"ە، لەلایەن "ئەمینداریێتی باڵای میکانیزمی هاوبەشی گشتگیری ستراتیژیی ئێران و چین" لە ساڵی ٢٠٢٠دا، دوا درافتی پێشکەشکراوە، تا ئێستا وێنەی فارسی ئەم ڕێککەوتنە وەک ڕەشنووسێک دیارە، گوایە لە هەردوولایەنەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمانەکانیان بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، تا ئەوکاتەش هەر بە ڕەشنووسی دەمێنێتەوە.

کۆی ڕێککەوتنەکە ١٨ لاپەڕەیە: لە بەراییەک، نۆ (٩) بەند و سێ (٣) پاشکۆ پێکدێت، بوارەکانی ئامانجی سیاسیی دوو وڵات، ڕێگای بازرگانی، کردنەوەی ڕێڕەوی هەرێمی و نێودەوڵەتیی، پێشخستنی بواری بازرگانی، ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە وڵاتانی ناوچەکەدا، پێشخستن و پەرەپێدان و گواستنەوەی وزەی وڵاتانی ناوچەکە، پەرەپێدانی سەربازی و ئەمنی هاوبەشی دوولایەنە لە ناوچەکە و وەبەرهێنانی چین لە پێنج بەندەر و دورگەی ئێرانیدا لە خۆ دەگرێت.

مێژووی ڕێککەوتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردانی پێنج ساڵ لەمەوبەری سەرکۆماری چین بۆ ئێران(٢٠١٦)، وەک لە پێشەکی ڕێککەوتنەکدا دیارە، هەر لەو ساڵەدا تۆوی ڕێکەوتنەکە چێنراوە و ڕێککەوتنەکەش بۆ دیاریکردنی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی پرەنسیپە هاوبەشە بڕیارلێدراوەکانە کە لە بەندی شەشەمی بەیاننامەی "بەدیهێنانی هاوبەشیی ستراتیژی نێوان چین و ئێران" لە پاش سەردانەکەی سەرۆکی چین لە مانگی حوزەیرانی٢٠١٦ لە تاران بڵاوکرایەوە، ئاماژەی پێدراوە. (دەقی ڕێککەوتنەکە لە سایتی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بخوێنەرەوە: https://www.centerfs.org/)

لە بەرایی ڕێککەوتنەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە سەرجەم بوارەکانی بازرگانی، ئابووریی، سیاسیی، کولتووری و ئاسایشیی و سەربازی دەگرێتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لە ناواخنی ڕێککەوتنەکەدا ئالیەتی گشتی و ناوەندی و بەشەکی بۆ ئەو بوارانە خراوەتەڕوو.

گەرچی زۆر لایەنی ڕێککەوتنەکە و کاتی پەسەندکردنی یان ڕەتکردنەوەی ڕوون نییە و ئەگەری جێبەجێکردنیشی دیسان ڕوون نییە، تا ئێستاش تەنها چەند لایەن و بەرپرسێکی حکومی وەک وەزارەتی دەرەوە (زەریف) و یاریدەدەری سەرکۆمار(جەهانگیری) بە جۆرێک پشتیوان و عەڕابی ڕێککەتنەکەن، بەڵام لەنێو ئێران و ئسوڵگەراکانی وەک ئەحمەدی نەژاد و دەیانی دیکە لە بەرپرسان و هەندێک لە ئیسلاحیەکانیش لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە نیگەران و ناڕازین. لە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی حکومەتی ئێرانیش وەک موجاهدین و شاهەنشاهیەکان ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بە "ئێرانفرۆشی" لەقەڵەم دەدەن و لە یەکەم باسکردنیەوە لەلایەن ئەحمەدی نەژادەوە، لەچەند هەفتەی ڕابردوودا، چەندین کەمپەینی دژایەتی و ناڕەزایەتی بۆ سازکراوە، پێیان وایە ڕێککەوتنێکی نابەرامبەرە و ناتوانرێت وڵاتی چین پابەند بکرێت، بەڵام "تەنها سودێکی ئەوەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران و نوخبەی سیاسیی دابڕاوی درێژ دەکاتەوە". بەڵام دواجار لە ڕووی یاساییەوە ئایندەی ڕێککەوتنەکە بە دوو لایەنەوە پەیوەستە:

یەکەم: کۆماری گەلیی چین، کە واپێناچێت سەرجەم بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کەنداو و عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەیارانی ئێراندا بکاتە قوربانی ڕێککەوتنێکی ئێرانی-چینی، کە قەبارەی بازرگانییەکەی تەنها ٤٠٠ملیار دۆلارە.

بۆ ئەم مەبەستەش خراپ نییە ئەوە بیربهێنرێتەوە کە ئەگەرچی چین بە هاوپەیمانی ئێران دەزانرێت لانیکەم لە لایەنی ئێرانییەوە، بەڵام تا ئێستا لەسەرجەم برگەکانی سزاکانی سەر ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایش تەبا لەگەڵ ئەمریکا و دژبە ئێران دەنگی داوە. جیا لەوەش لە ساڵانی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق-ئێراندا، ئەگەرچی دابینکاری برێکی چەکی ئێران وڵاتی چین بوو، بەڵام گرێبەستەکانی ئەو سەردەمە دەریدەخەن هەر لەو ئانەدا چەند هێندەی بە عێراقی نەیاری فرۆشتووە.

زیاتر لەوەش چین چەندین ئەزموونی هەیە، لە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، هەر بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٧ و ٢٠١٥ و ٢٠١٨،ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ عیراقدا ئەنجامداوە، بەڵام دۆخێکی ستراتیژیی کردەیی لە ڕێککەتنەکانی بۆ هەردوو وڵات بەدینەهێناوە.

دووەم: ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران؛ کە دواجار بڕیاری سیاسەتی گشتی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ درێژمەودا، بڕیاردەی سەرەکی لای عەلی خامینەیی ڕێبەرە، گەر ئەو ڕەزامەند بێت بە دڵنیاییی لە پەرلەمانێکی زۆرینە ئسوڵگەرای ئێراندا زۆر ئاسان تێدەپەڕێت بە بێگوێدانە ناڕەزایەتییە سیاسیی و جەماوەرییەکان.

ئێران، لێرەدا هەمان سیناریۆی عێراقی ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ دوبارە دەکاتەوە، کە عێراق وەک ئێستای ئێران ڕووبەڕووی گوشاری نێودەوڵەتی و گەمارۆی ئابووریی بووبوویەوە، بۆ ڕزگاربوون و ناچارکردنی ئەمریکا لە سووککردنی سزا و دانەبڕانی زیاتری لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی(وەک ئێستای ئێران)، پەنای بردە بەر ڕێککەوتن لەگەڵ چیندا، بەڵام نەک فریای سەدام حوسێنی سەرۆکی ئەوکاتە نەکەوت، بەڵکو پرۆسەی کەوتنی پاش پێنج ساڵ(٢٠٠٣) هاتەدی، بە بێئەوەی چین هەنگاوێکی

کردەیی بۆ هێشتنەوە و دژایەتی ئەمریکا بهاوێژێت.

بۆیە چەندێک ئەگەری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە ئارادا بێت هێندەش پەیوەستە بە ئەنجامی هەڵبژارنەکانی ئەمریکا و گوشارە نوێکان و سازانی نوێی تاران و واشنتۆنەوە هەیە.

**- بوارە هەستیارەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ عێراق و هەرێم:**

لێرەدا لەبارەی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە وەک بوارێکی زیندووی سیاسیی، سەربازی و ئابووریی بۆ ئێران، چ پێگەیەکیان دەبێت و یاخود چ کاریگەرییەکیان لە ناو ڕێککەوتنەکەدا دەبێت؟ پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بە عێراق و هەرێمەوە چییە و لە چ بڕگەیەکدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئامانجەکە جوگرافیا، بازرگانی و پیشەسازی، سیاسەت و بواری سەربازیی عێراق و هەرێم دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە؟

گەر ڕێککەوتنی ٢٥ساڵەی ئێران-چین سەرکەوتوو بێت، بێگومان کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان وەک هاوسێ و وەک بەشێک لە عێراقیش کاریگەری جێدەهێڵێت، چونکە عێراق و ئێران هاوسێیەتییەکی کاریگەر و کارتێکەرییان لەسەر یەک هەیە و بە هەر گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی سیاسی و ئابووریی ڕاستەوخۆ لەسەر یەک کاریگەر دەبن، ئیتر لە سیستمی سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە بازرگانی و دۆخە کۆمەڵایەتیی و مەزهەبیەکانیش. هێندە بەسە کە بزانرێت نزیکەی ١٤٥٨کم هێڵی مەرزیی هاوبەش هەیە درێژترین سنووری لەگەڵ عێراقدا هەیە لە چاو دراوسێکانی دیکەیدا، زۆرینەی هێڵی سنووری ڕۆژئاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق پێکهێنەری ئەم سنوورە ستراتیژیی و سیاسییەیە لەنێو ئەم سنوورەدا کە هاوبەشێتی جوگرافی-سیاسی-بازرگانی ئێران-عێراق دەچەسپێنن چوار لە پارێزگا کوردستانییەکانی ئێران و چوار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەخۆ، لەڕووی کولتووری و مەزهەبیشەوە هاوبەشییان زۆرە و لە ڕووی جیۆستراتیژی و جیۆئیکۆنۆمیشەوە قوڵایی ستراتیژی یەکتر پێکدەهێنن. لە ڕووی سیاسییشەوە لەپاش ٢٠٠٣ەوە ئیدی ئێران و عێراق زەمینەی سیاسەتکردنی یەکترن و ئێران وەک تەواوکارێکی قەڵەمڕەوییەکەی لە ڕۆژهەڵاتدا لە عێراق دەڕوانێت.

لێرەدا ئەو بەند و بڕگانە دەخرێنەڕوو و شرۆڤەدەکرێن کە پەیوەندیدارن بە عێراق و هەرێم و کۆی پاکێجی مەسەلەی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانییەوە هەیە.

لە کۆی ڕێککەتنەکەدا شەش(٦)جار ناوی عێراق هاتووە و لە نۆ(٩) بڕگەی دیکەشدا ناڕاستەوخۆ باسی "وڵاتی سێیەم" یان وڵاتانی ناوچەیی کراوە، کە بە دڵنیایی عێراق و هەرێمی کوردستان مەبەستێکیانە.

١. لەڕووی سیاسییەوە:

هەر لە بەندی یەکەمی ڕێککەتنەکەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەردوو وڵات "ستراتیژی براوە-براوە" لە وڵاتانی ناوچەکە و نێودەوڵەتیدا پیادە دەکەن، وەک لە بڕگەی دوو-شدا هاوکاری سەربازیی، توانای بەرگری و یەکهەڵوێستی سیاسیی لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەدا ئاماژەی

پێدراوە(بەندی١)، لە پاشکۆی ژمارە یەکیشدا(١) هەمان ئامانج دووبارە کراوەتەوە.

دیارە هاوهەڵوێستی سیاسیی و سەربازیی لە ناوچەکەدا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکاتە سەر هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکان و وڵاتانی هاوپەیمانی عێراق و هەرێم دەبێت.

ڕێککەوتنەکە ڕاشکاوانەتر باس لە دژایەتیکردنی تیرۆر ڕێکخراوە دژبەرەکان دەکاتەوە، کە دیارە لە پێناسەی سیاسیی دەوڵەتێکی وەک ئێراندا سەرجەم ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕژێمی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە کە هەم ڕێکخراوی ئێرانی لە عێراق و هەم کوردستانی لە  هەرێم دەگرێتەوە.(بەندی٤)

هەروەها بەندێکیتری کاری هاوبەشی دوو وڵاتەکەیە لە وڵاتانی دراوسێی ئێراندا بە جۆرێک بەرنامەی هاوبەش و پرۆژە لەو وڵاتانە بخرێتەگەڕ.(بەندی٧)

٢. لە ڕووی بازرگانی و وزەوە

لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی کولتووری-مەزهەبیشدا، لە چەند بڕگەدا عێراق و هەرێم، بوونەتە بواری جێبەجێکردنی پرۆژەی ئایندەیی چین و ئێران، لەوانەش: بنیادنانی پرۆژەی گواستنەوەی وزەی عێراق، وەبەرهێنان و دروستکردن و گواستنەوەی کارەبا بۆ عێراق(دیارە ناوی وڵاتانی پاکستان، ئەفغانستان و سوریاش لەو بڕگەیەدا بۆ هەمان مەبەست هاتووە).(پاشکۆی٢/بڕگەی ب/١و٢) هەروەها پرۆژەی ڕاکێشانی "هێڵی ئاسنی مەزهەبی-زیارەتی" نێوان پاکستان-ئێران-عێراق-سوریا، تەبەنیکراوە، هەروەک چۆن باس لە کردنەوەی ڕێڕەوی بازرگانی پاکستان-ئەفغانستان-عێراق-سوریاش کراوە کە ببێتە ڕێڕەوێکی بازرگانیی ناوچەیی.(پاشکۆی٢/بڕگەی ب/١)، دروستکردنی پرۆژەی گەشەپێدان لە وڵاتانی ناوچەکەدا(پاشکۆی٢/ها/٦)، بەهێزکردنی ڕێکخراو و دەزگاکانی وڵاتانی ناوچەکە(پاشکۆی٢/ز/٢).

گرنگە بووترێت کوردستان جیا لەوەی لە سیاسەتیی کولتووری ئێراندا نیشانەیە، بەشێکی شارەکانی کوردستان وەک کرماشان و شارەکانی هەرێمی کوردستان وەک سلێمانی، کەرکوک، خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی دیالە بەشێکن لە ڕێگە و نەخشەی ڕێڕەوی بازرگانی، زیارەتکارانی مەزهەبی شیعە. لە هەبوون و گواستنەوەی وزەشدا دیسان هەرێم لە قوڵایی ستراتیی ئێراندا جێگەی تایبەتی بۆ کراوەتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی ڕاکێشانی ڕێگای ئاسنیش بە کوردستان بە گشتی و هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا چەندین پرۆژەپێشنیار لە بەرنامەی ڕێسازیی ئێران و عێراقدا لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، لەم ساڵانەی دواییدا لە ئارادان کە هەندێکیان شارەکانی سلێمانی، خانەقین، کرماشان، مەهاباد و ورمێ لە خۆدەگرن و لە نموونەی ڕێگای پێشنیارکراوی ئاسنی: هێڵی کرماشان-خوسرەوی-خانەقین-بەغدا. هەروەها ڕێگەیەکی پێشنیارکراوی ئێرانی دیکەش هەیە و کە خودی سەرکۆماری ئێران جەختی لەسەر کردۆتەوە بریتییە لە ڕێگای ئاسنی سنە-باشماخ-سلێمانی تا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ هەمان مەبەستیش پارێزگاری سنە داوای جێبەجێکردنی پرۆژەکەی لە ژووری بازرگانی پارێزگای هەڵەبجە و کۆمپانیای قەیوان وەک جێبەجێکاری دیوی هەرێم، کردووە.

سەبارەت بە ناوچەکانی باشووری عێراقیش هێڵی خورەمشەهر-بەسرە لە ئارادایە. کە دیسانەوە لە ڕێککەوتنی چین و ئێراندا ئاماژە بەو ڕێگا ئاسنی و بازرگانیانە دراوە. کە نەک ئێران و عێراق

بەڵکو وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان و سوریاش دەگرێتەخۆ.

لە کۆتا پاشکۆشدا رِێککەوتنەکە باس لە دروستکردنی ناوچەی ئازادی بازرگانی و پرۆژەی هاوبەشی دوولایەنە دەکات لە وڵاتانی سێیەمی وەک عێراق(پاشکۆی٣/برگەی آ/٦)، هەروەها جەخت لە سوودوەرگرتن لە بواری جیۆئیکۆنۆمی وڵاتانی دراوسێ کراوەتەوە کە دیارە عێراق لە نێو ئەو ئامانج و نیشانەدایە.( پاشکۆی٣/برگەی ب)

بە کورتی بونیاتنانی رِێگای بازرگانی و هێڵەکانی ئاسن و رِێرِەوەکان بۆ وڵاتی چین بەشێکە لە ستراتیژی "یەک پشتوێن، یەک رِێگا One Belt, One Road"، بۆ وڵاتی ئێرانیش هەم کارتی فشارە بەرامبەر ئەمریکا و هەم جێبەجێکردنی سیاسەتە مەزهەبی و کولتوورییەکانە و رِێگای گەیشتنیشە بە ئامانجە سیاسییەکانی، ئەڵبەت لە ئەگەری جێبەجێکردندا.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.
٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
٤. اصدار مجلة علمية محكمة.
٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.6

# The Impact of Regional Polarizations on Iraq and the Kurdistan Region;
## Turkish intervention, the Iran-China agreement

# اثر الاستقطابات الاقليمية على العراق و اقليم كوردستان؛
## التدخلات التركية، الاتفاق الصيني الايراني

Sulaimania
July 2020
www.centerfs.org